# لێنین و ژماره

تەمەنی لێنین تەنها 54 ساڵ بوو.

لە تەمەنی 17 ساڵیدا دەستی کردووە بە سیاسەت و لەسەر ئەوەی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی خوێنکاری بوو زیندانی دەکرێت.

لە تەمەنی 18ەوە دەستی داوەتە دیراسەی مارکسیزم و بووە بە دامەزرێنەرو ڕابەری کۆمەڵەی مارکسی لە شاری سماری.

لە تەمەنی 24 ساڵیەوە دەستی داوەتە نوسینو بەحسە بە نرخەکانی کە تا ئێستاش وەک دەرس بۆ کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمە سەیری دەکرێت بۆ ڕۆشن کردنەوەی خەباتی ڕۆژانەیان.

لە تەمەنی 30 ساڵیدا یەکەمین بڵاوکراوەی سەرتاسەی لە ڕوسیادا دامەزراند بە ناوی ئیسکرا کە دەوری جدی بینی لە دروست بوونی حزب و بەرپاکردنی شۆڕشدا.

لە تەمەنی 47 ساڵیدا ڕابەرایەتی گەورەترین شۆڕشی کرێکاری ، شۆڕشی ئۆکتۆبەری کرد کە گەورەترین گۆڕانکاری نەک لە ڕوسیا و کۆمارەکانی سۆفیەتدا بەڵکو لە سەرتاسەری جیهاندا بە قازانجی ئینسانیەت خولقاند.

لە تەمەنی 18 ساڵی هەتا 47 ساڵی  کە دەکاتە 29 ساڵ لینین لە ڕابەرایەتی کردنی دەستەیەکی بچوکی خوینکارانەوە توانی بگۆڕێت بۆ ڕابەری ملیۆنەها ئینسان و ئۆتۆریتەو خۆشەویستی لەناویاندا پەیدا بکات. لەم ماوەیەدا نەک هەر خەبات و سیاسەت ئەرکی لێنین بوو بەڵکو توانی لەو ماوەیەدا لە قوتابییەکی خولیا بۆ تێگەیشتن لە مارکسیزمەوە  خۆی ببێتە فەیلەسوفێک و دەوڵەمەندترین نوسینی فەلسەفی لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی هێنایە بەرهەم. لەو ماوەیەدا 2 جار زیندانی کراوەو 2 جار نەفی کراوە بۆ سیبریا دواتریش دەرکراوەتە دەرەوەی ڕوسیا.  تەواوی بەرهەمەکانی لێنین بە 4500 بەرهەم دادەنرێن کە تا ئێستا 3994ی کۆکراوەتەوە، کە لە نێو ئەو بەرهەمانەدا چەندین کتێب هەن کە هەزارەها پەڕەن کە پڕن لە دیراسەو لێکدانەوە.

29 ساڵ کافی بوو بۆ گۆڕینی جیهان، بۆ کەسێک کە ڕابەرایەتی لە ئەستۆ گرتبو. بهێننە پێش چاو ئەو بە تەنیا ئەو کارەی کرد ئەگەر ئێمە بە هەموومان کە ئەویشمان لەگەڵە بە دەرس و تەجروبەکانی بڕیار لەسەر چەند ساڵ دەدەین؟